# دروست کـردنی شاری ڕۆمـــــــا

سەرهەڵدانی شارستانیەتی ڕۆمانی و شاری ڕۆما ڕووداوێکی مێژووی گرنك لەنێوان بەڵگە شوێنەواریەکان و ئەفسانەدا . لەسەرەتای دروست بوونی ڕۆما (یەکەم شار) مێژوویێکی دوایی سەدان ساڵ لەدامەزراندی شارەکە نووسراوە ئەمەش بە پشت بەستن بەم سەرچاوەکان کە هەندێ جار زەحمەتە وناتوانین پشتی پێ ببەستین .

کاری شوێنەواری و هەڵکۆڵینەکان بەلگەی گرنگ دەردەخەن لەسەر مێژوو و شارستانیەتی ئەم شارە ، ڕۆمانەکان بۆجوونی جیاواز هەیە لەنێوانیان لەسەر چۆنیەتی دروست کردنی شاری ڕۆما ،هەندێ نووسینی (لیفیوس) کە لە ساڵی( ٥٩پ.ز) لە دایك بووە و ساڵ (١٧ز) مردوە بە گرنگترین مێژوو نووسەی ڕۆمانی دائەنرێت ، لە کتێبەکەیدا باسی مێژووی ڕۆما دەکات لە سەرەتایی دروست بوونیەوە هەتا مردنی (دروزوس) لە ساڵی (٩پ.ز) . ئەم کتێبە مێژووی ڕۆما لە (١٤٢) کتێب پێکهاتووە تەنیا (٣٥ ) کتێبیان ماوە .بە ماوەی (٤٠ ساڵ) ئەم کتێبەی نووسیوە و هۆنراوەکانی (ورغیلیوس) ی شاعرێکی ڕۆمانیە لە ساڵی (٧٠پ.ز) لە دایك بووە لە باکوری ئیتالیا وە (الالیاذة) نووسیویەتیەوە دوای جەندین ساڵ دوایی مردنی بلاو بوەتەوە ،وشاعر (اوفیدوس) ساڵی (٤٣ پ.ز) لە دایك بووە و(١٧ ز) مردووە .

گرنگترین کارەکانی لەسەر ئەفسانەی ئەغریقی و ڕۆمانی نووسینی کتێبیك بە ناوی (التحولات) و کتێبێکی تری لەسە ر ( هونەری خۆشەویستی ) نووسیوە . ئەم کتێبانە لە سەردەمی ئەمپراتور (أوغسطس) لە ساڵی (٦٣پ .ز – ١٤ ز) ژیاوە . یەکەم ئەمپراتۆری ڕۆما و سەرکردەی سەربازی بووە .سەردەمی (أوغسطس) بە ئاشتی وکەمی دژایەتی ناسراوە بەسەردەمی ( پاکس ڕۆمانا) ناودەبرێت بە واتای (بەزمانی ڕۆمانی ئاشتی ڕۆمانی) کەماوەیێکی دوور و درێژ لە ئاشتی و ئاسوودەی بوو هەتا مردنی ( مارکوس اوریلیوس) فیلسوف و ئەمپراتۆری شانزەیەمی ڕۆمانی بوو ، یەکێك بوو لە فەیلە سووفە (الرواقی) مذهب فەلسەفەی هلینیستیە لە قرنی (٣پ.ز) لەلایەن ( زینون ) دروست کراوە.

به تێپەڕبوونی کات مێژوو و ئەفسانەی شاری ڕۆما تێکەڵاو بە یەك بوون لەگەڵ ووردکاری لە ناوی دا. (رومولوس و روموس) دوو کەسایەتی گرنگن لە ناو ئەفسانەی دروست کردنی شاری دایکیان (ریا سیلفیا) کچی (نیو میتور) پاشای (البالونجا). نیومیتور برای امولیوس دەست دەگریت بەر حوکم و وارثەکان دەکوژێت و ریا سیلفیا ئەو دو و کورە دووانەکەی (روموس و رومولوس) لەگەڵ خواوەندی مارس یان هرقل باوکیان دوای لە دایك بوونیان ئەیانخاتە ناو رووباری تیبر بۆ ئەوەی بمرن بەلام بەهۆی پاراستنی خواوەند ڕزگاریان بوە دوای گورگ (ذئب) بەخێویان دەکات و دوای شوانێك لەکەل ژنەکەی ئەیان دۆزیتەوە و بە خێویان دەکات.

وێنەی ئەو گورگ (روموس و رومولوس) بەخێو کرد

دوای گەورە بوون (رومولوس و روموس) شاری (رۆما) یان دروست کرد لەسەرگردێك کە دەڕوانێتە سەر رووباری (التیبر) و دواتر ناسراوە بە ناوچەی (بالاتینا)، کاتێك شورای شاری رۆما دروست ئەکرد لەگەل کوخەکان (روموس) پیکەنی لەبەر ئەوەی بەرزی دیوارەکە بەرز نەبوو و دوای رومولوس براکەی کوشت و هاواری کرد کەس گاڵتە نەکات بەم شارە تازەیە.

رومولوس (٤٠ ساڵ) حەکمی رۆمای کرد، سنوری پا راست و کشتوکاڵی بەرهەم هێنا.




نەخشەی شاری رۆما کە حەوت گردی تیادا دەردەکەویت

**نەخشەی وولاتی ئیتالیا**